# چاوەڕوانییەکی هێمنانە بۆ یاسایەکی بنەڕەتی ئیسلامیانە*

**نووسینی بیتێ هامەرگرێن**




**لەگەڵبوونی سیستانی لە داڕشتنی یاسابنەڕەتییە نوێییەکەدا جێی دڵەڕاوکێیە. دەڵێن دوو پرسی زۆر لا گرنگە: ڕۆڵی ئیسلام لە کۆمەڵگادا و ئەو ئۆتۆنۆمییە سیاسیانەی کە دەبێت بدرێت بە کورد لە باکوور (کوردستان_ وەرگێڕ) .**

ئەوانەی شیماندار سەرکەوتوون لە هەڵبژاردنەکەی ئێراقدا_ شیعە موسڵمانەکان _ پاش هەڵبژاردنەکان کەمتر خۆیان پیشان دا. عەلی سیستانی سەرۆکی ئایینی شیعەکان هیچ هێمایەکی بە سەرکەوتن نەدا ، تەنیا دوێنێ زۆر نەریتیانە لە ڕێی یەکێك لە هاوکارانییەوە پیرۆزبایی لە دانشتوانی ئێراق کرد.

سیستانی هەرگیز نە لەمیانەی پەنجەرەی تەلەفیزیۆنەوە نە بە کۆنفراسی ڕۆژنامەوانی وازی سیاسیانە ناکات , چونکە ئەو سیاسەتوانێکە پێویستی بەو دەسهاوێژانەی خۆبەهێزکردن نییە ، بەڵام لەبری ئەوە یەکێك لە موریدەکانی لە حەوزەی کەربەلاوە گوتی:" گەورەئایەتوڵا عەلی سیستانی سوپاسی گەلی ئێراق دەکات بۆ ئەو بەشداریکردنەیان لە هەڵبژاردنەکەدا."

شیعە توندڕۆیەکی سیاسی دیکە ، عەمار ئەلحەکیم ، لە ئێوارەی ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا بە خێرایی لە سەرکەوتنێکی مەزنی هاوپەیمانییەتی شیعان دوا کە ژمارەی 169یان بە پسوڵەی هەڵبژاردنەوەیە و وێنەی عەلی سیستانییان بە ئەفیشەکەوەیە_ لەگەڵ ئەوەشدا عەلی سیستانیی تەمەن 73ساڵەو لە دایکبووی ئێران ، نە خۆی کاندید کردوە و نەمافی دەنگدانیشی هەیە لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئێرانییە _ .

وەدەسهێنانی ئەنجامێکی چاك بۆ هاوپەیمانییەتی 169 , وایە, شیعەکان تۆڵەیەکی مێژوویی گەورەیان لە ڕێی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە سەندەوە، پاش ئەوەی کە دەیان , بەڵێ ، ڕەنگە سەدان ساڵیشە زۆرینەیەکی زوڵملێکراوی وڵاتی نێوان جووت ڕووبارەکەن.

بەڵام ئەو ڕۆژەی هاوپەیمانیەتی شیعەکان دەچنە نێو پەرلەمانەوە لەوانەیە وەك زوربەی هاوپەیمانیە تاکتیکییەکان درزیان تێ بکەوێت . ئایا ئەحمەد چەلەبی ،گوڵبژێرەکەی جارانی پێنتاگۆن دەتوانێت درێژە بە هاوکاری کردنی ئەو مەلا مێزەربەسەرانەی وەك عەبدولعەزیز ئەلحەکیم بدات کە دۆستی نێزیکی ئێرانن, ئەگەرێکی لاوازە .

چاوەڕێ دەکرێت دەنگژماردنەکە لە حەوتو ونیوێکی دیدا ئاشکرا ببێت. ئێستا بەگوێرەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ئەوانەی کە لە هەڵبژاردندا بەشداریان کردوە نزیکەی لە(60%)ن .

دوێنێ پاشنیوەڕۆ سڤێنسکا داگبلادیت داوای لە ستێفان میستیورەی سوێدی کە یەکیکە لە پیاوانی سکرتێری نەتەوەیەکگرتوەکان لە بەغداد کرد کە لەمەڕ ئەو ژمارەوە بدوێت بۆیە گوتی: هەوڵ دەدەین لە هەموو ئەنجامەکان وەکۆڵین ، ئێستاکێ زەحمەتە بێژین کە ئەو لە سەدا شەستە ڕاستە , چاوەڕێی دوا لێکۆڵینەوەین. بەڵام ئەوەی بیستومانە مەیلەو زۆرە. کۆمیسۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە بەغداد گێراو لە تەلەفیزیۆندا بڵاوبووەوە دەڵێت کە ئەو ژمارە سەدییەی لە هەمبەر دابەشکردنی مەنداتەکانەوە بیری لێ دەکرێتەوە و لە نێوەندەکاندا دەسوڕێتەوە ، فەرمی نییە و مەزەندەی پارتەکان خۆیانە

کاندیتە سیستانیستەکان بە دڵنیاییەوە ناتوانن بێژن کە سەرکەوتنەکەیان پێوانەشکێنە . زۆر لە ئێراقییە سیکیولارەکان (عەلمانی) کە لە نێو گشت گرووپە ئایینیی و نەتەوەییەکاندا هەن ، دەنگی خۆیان داوەتە لیستە سیکیولارەکەی ئەیاد عەلاوی یاخود ئەو هاوپەیمانییەتییەی کە پارتی کۆمۆنیستی تێدایە.

کوردەکانیش بۆ هەڵبژاردنی نیشتمانی بەشێوەیەکی فراوان دەنگی خۆیان داوەتە هاوپەیمانییەتییەکەی کورد کە لە نێوان دووبراناکۆکەکەی پارتی و یەکییەتیدایە.

ئەیادعەلاوی سەرەکوەزیرانە کاتییەکەی ئەمریکا دایناوە و ددانپێدانراوێکی بەتەموومژە، وانییە کە پاش هەڵبژاردن حیسابی نەمێنێت. دەرکەوتنێکی بەرچاوی لە میدیاکانی ئێراقدا هەبوە و هەروەها لە پرۆگرامە ئاساییەکان و ڕێکلامە بە دراوکرداوەکانشدا دیار بوە ، بەڵام سەرچاوە خەرجدەرەکەی نادیارە. هەرچەندە ئێراقییە ئیسلامییەکان بۆ عەلاوی زەحمەتن ، لە یادیان نەچوە کە ئەو کۆنە بەعسییە _ بەڵام دەبیستن کە ڕەنگە کاندیدێکی لەباری باری ناچاری بێت بۆ سەرەکوەزیریی حکومەتی داهاتووی پاش ژماردنی دەنگەکان.

**ئەگەرەکو شیعە موسڵمانە توندرۆکان راستبێژ بن لەوەی کە مەبەست و رۆژەڤێکی شاراوەیان نییە و ناخوازن رژێمێکی مەلاهاژووی تەرزی ئێران بهێننە کایەوە ، ئەوا کارێکی ئاقڵانە دەکەن و روخسارێکی درێژخایەن بۆ خۆیان دەهێڵنەوە و باڵیش دەکێشن بەسەر سونە موسڵمانەکان و کوردیشدا.**

**کێشبڕکیەکانی نێو ئێراق هەر لە نێوان نەتەوەکان و ئایتراجیاوازەکاندا نین ، بە هەمان تین لە نێوان ئایندارە توندرۆکان و سیکیولاریستەکانیشدا هەیە. هێڵی نێوان ئەم دوانە لەپاش داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئەمریکاوە زۆر تۆخ نەبوو ، وەلێ کاتێك دێتە سەر نووسینی یاسا ئەو هێڵە زۆر روونتر دەردەکەوێت... محەمەد بازە کە هەواڵگیرێکی ئەمریکاییە زۆرتر لەم بابەتە دا قوڵ بوەتەوە و لە ژێر ناونیشانی ( فاکتەرەکانی سیستانی چین ) دا لە ماڵپەڕی (نیوزدەی) دەنووسێت : لەگەڵبوونی سیستانی لە داڕشتنی یاسابنەڕەتییە نوێییەکەدا جێی دڵەڕاوکێیە. دەڵێن دوو پرسی زۆر لا گرنگە:رۆڵی ئیسلام لە کۆمەڵگادا و ئەو ئۆتۆنۆمییە سیاسیانەی کە دەبێت بدرێت بە کورد لە باکوور (کوردستان_ وەرگێڕ) .**

**نە کورد و نە سیکیولاریستەکانی گشت لاکانی ترلە پەیامەکانی گەورە ئایەتولا دڵنیا نین . ئەو دەخوازێت بانگی ئەوە بدرێت کە ئیسلام ئاینی دەوڵەت بێت و ژێدەری گشت یاسا دانانێك بێت لە تەواوی ئێراقدا . هەروەها دژی بیرۆکەی پێدانی مافی ڤیتو بوو لە یاسادانانە نوێیەکەدا بە کوردان لە باکوور . شتێك بوو کە ئەمان و سونە موسڵمانەکانیش هەیانبوو ، بە گوێرەی یاسا کاتییە بنچینەییەکە و لە ژێر داگیرکارییەکەی ئەمریکادا بەڕێوە دەچوو.**

**تانوپۆی خەیاڵی سیستانی شیعەمەزهەب چۆنچۆنییە، ئێراقییە دەنگدەرەکان هێشتا بە تەواوی نایزانن... زۆرێك لە ئێراقییەکان دەترسێنێت و ئەوانی دیکەش هیوایان لە سەر هەڵچنیوە....**

1ی **فێبروەری** 2005

**رۆژی سێشەمە یەکی فێبوەری** 2005 *Svenska Dagbladet **رۆژنامەی**